سەماحەتی حەکیم چاوی بە پارێزگاری موسەننا دەکەوێت و پێشخستنی کاری خزمەتگوزاری و گەشپێدانی ئابووری دووپات دەکاتەوە

بەڵێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپێمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەگەڵ بەڕێز موهەند عەتابی پارێزگاری موسەننا باسییان لە پێشهاتەکانی دەخی خزمەتگوزاری و گەشپێدانی پارێزگاکە کرد.

سەماحەتی حەکیم لەم دیدارە دووپاتی کردەوە کە گرنگە خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان باشتر بکرێت و جێختی کردەوە لەسەر ئەوەی بوار بە حکومەتە نوخبەیەکان بدرێت بە ئەوەی مافە دەستوورییەکانی بەکار بهێنێت بە ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکات، هەروەها داوای لەحکومەتە نوخبەیەکان کرد کە خەیان لە ململانێی سیاسی بەدوور بگرن، ڕوونیشی کردووە کە ئەو حکومەتانە حکومەتی خزمەتگوزارین و پێویستت ئەو ڕاستیە دەستوورییەش لەسەر ئەرزی واقیع بەدی بکرێت.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە گرنگە بەردەوام بوون و پێیوەندی لەگەڵ نوخبە و بەهرەمەندەکانی زانکۆی موسەننا و سەنتەرەکانی توێژینەوە هەبێت بە ئەوەی چارەسەری گونجاو بە ئەو کێشانە بدۆزنەوە کە ڕووبەڕووی ئەو پارێزگایە دەبێتەوە و لەگەڵ تیشکخستنە سەر ئەو بەهرەمەندانە بە پێشخستنی پڕۆژەکانی گەشپێدان.

سەماحەتی حەکیم داوای کرد سەرچاوەکانی داهات لە پارێزگاکە فرە بکرێت ئەویش لەڕێگای بەجووڵە خستن و بەگەڕ خستنی کەرتەکانی دیکەی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای تازە، بە سوود وەرگرتن لە تایبەتمەنییەکانی ئابووری و جوگرافی پارێزگاکە.
لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکە، سەماحەتی حەکیم ستایشی ئەو ئەرکەی کرد کە نراوە بە دەزینەوەی گەڕەکی بەکەمەڵی تازەی سەردەمی ڕژێمی پێشوو و داوای کرد ئەو تاوانانە بەدەکەمەنت بکرێن و کار لەسەر ئەوە بکرێت کە گەڕەکی بەکەمەڵی دیکە بدۆزنەوە کە تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە.